## پیری بێخێر... سەر کێو

لەبیرت دێت کاتێک کەکورد پێشمەرگەبوو
هەزارانی وەکو ئێوە
هەم ترسەنۆک هەم بوودەڵ بوون
قاقای ئێوە بەقاقای دوژمن تێکەڵ بوون
لەبیرتانە
لەبەر سەرکزی وکەساسی
لەبەر دوژمن پاڕانەوە
خاوەنی هیچ تێزێک نەبوون
هەتا تێزی ناموسو ژن
لەبیرتدێت
لەبەر سوکی وماستاو کردن
بۆجەلادان بۆدوژمنان
مانای خەمتان نەدەزانی
بەبڵحانە بۆ ژینی گەلتان ئەڕوانی
لەبیرتانە
لەبیر تانە کورد بێکەس بوو
تەنها پێشمەرگە کەسی بوو
پێشمەرگە هانا بەخشی بوو
پێشمەرگە فریاد ڕەسی بوو
کەچی ئێستاش
زمانت زۆردرێژ بووە
لەدرێژی نەعلی هاوسەرت درێژتر
بەبەرینی دەشتی دوژمنان فراوانتر
هەمدیسانیش دڵنیابە
بۆسەرکەوتنی نەتەوە هەر پێشمەرگە فریادڕەسە
بۆبێکەسانی نەتەوە
هەر پێشمەرگە بۆیانکەس
***
تۆیەک بەهەموو تەمەنت
کوردایەتی ڕێی تۆنەبێت
بوێری کاری تۆنەبێت
وشەی خەبات بۆت بڤەبێت
مانای دڵسۆزی نەزانی
خەمی گەلت لەبەر نەبێت
لەوگشت کۆسپ ولەمپەرانەی
پێشمەرگە شانی لەبەر بوو

تۆهەر هەڵبێیت
ڕۆژی خەباتوو قوربانی
تۆ نانە خۆری دوژمن بیت
لەڕۆژانی تەنگانەی کورد
کەس نازانێت لە کام کون بوویت
کاتی ئەنفال کیمیاباران
سفرەکەی تۆ ڕازاوەبێت بۆدوژمنان
ماڵەکەی تۆ کەژاوەبێت بۆناکەسان
هەموو تەمەنی بێخێرت
پێک هاتبێت لەهەڵەو کەل
ساتەکانی ئاخنرابێت لە دژەگەل
***
بەڵام ئێستا
بەرانبەر بەپێشمەرگەی گەل
ئەو پەریانەی سەربەستیان بەئەرمەغان
بۆگەل هانی
گوندیان ئاوەدان کردەوەو
ژیانیان بەخشییەباخوکانی
لەدواساتی هەناسەی گەل
ئەودەستانەیان پەلپەل کرد
لەئەوکی گەل گیرکرابوون
ژین وسەربەستیان پێکەوە
لەبۆ وڵات گێڕایەوە
تاگەل بەسەر بەستی بژی و
پڕبێت لەخێر ساتەکانی
دەمی ئێوە هاڵاوی گڕی دوژمنە
بیری ئێوە پەروەردەی بیری دوژمنە
ئێوەی سپڵە کوا خەمی گەل لەبەر ئەکەن
ئێوەی پەروەردەی دوژمنان
کەی تاجی گەل لەسەر ئەکەن
ئێوەی بوودەڵ
شەیدای باخەڵی خۆتان بوون
کوا بۆ منداڵانی برسی نیشتمانم
لەتێک نان بوون؟؟
کوا بۆ هەژارانی نیشتمانم
ڕۆژێک کاربوون؟؟
کوا بۆ باخی نیشتمانم
نەمام نێژ بوون؟؟
کوا لەکاتی تەنگانەی گەل

ڕاستی بێژ بوون؟؟
کاتی شۆڕش ئێوە کێ بوون؟؟
بەدکارەکان
کاتی پێویست ئەی لە کوێ بوون؟؟
کاتێک گەل قەلاچۆئەکرا؟؟
کیژان بەغارەت ئەبررا؟؟
لەلای عەرەب
بەعەرەب ئەفرۆشرا؟؟
ئێوەی قەزەنگ
ئەی لەکوێ بوون؟؟
جگە پێشمەرگە کێیتر بوو؟؟
پارێزەری نامووسی کورد
جگە پێشمەرگە کێیتر بوو؟؟
بالای خۆیان کردبووە پرد
لەسەر دۆزەخی دوژمنان
بۆ پەڕینەوەی گەلو
بۆئازاد بوونی نیشتمان
وەلام بەرەوە هەی ناکەس
هەی چڵکاو خۆری دوژمنان
***
ئێستاش ئێوە بەنامەردی
شمشێری کولتان سویوە
بۆگەردنی گشت پێشمەرگە
ئێستاش ئێوە
هەموو خۆتان هەڵپاچیوە
بۆ جێنشینی پێشمەرگە
***
ئەڕی ئێوەی ویژدان مردوو
هۆشتان کەی بەبەر دێتەوە
کەی ڕێگای ڕاست
یان ڕێگای گەل ئەگرنەوە
کەی ئەزانن تاهەتایە
هەرپێشمەرگە دۆستی کوردە
کوڕانی ڕۆژی تەنگانە
لەمەتەرێزی نەبەردە
ئێوەی گەندەڵ چۆن ئەتوانن
ئەمەکداری نیشتمان بن
وەک پێشمەرگە؟؟
شەیدای بەفرودارستان بن

وەک پێشمەرگە
دڵنیابن
تاکورد مابێت ناوی پێشمەرگە دەمێنێت
تا وشەی ئازادی خوازی
لای کورد مابێت
وشەی شۆڕش هەردەمێنێت
جارێکیتر دڵنیابن
جێگای ئێوەش هەرزبڵدانی مێژووە
جاوەرنەوە ناو ڕیزی گەل تا کات تان
بەسەر نەچووە.
لەندەن